# راپۆرتە هەواڵ لە سەر مانگرتنی شۆفێرەکانی سلێمانی



ئەمرۆ 2005/8/24 لە دەوروبەری کاتژمێر 8تا9 ی سەرلە بەیانی لەشاری سلێمانی لە( شەقامی ئیبرایم ئەحمەدلەسەر شەقامی شەست مەتری ) ، مانگرتن یاخود کۆبونەوەی سایەق تەکسییەکان مەبەستم ئەو شۆفێرانەیە ، کە ئوتۆمبێلەکانیان جۆری ( صەنی ) یان هەیە کۆبونەوە ، لەسەر قەراری یەکێتی نیشتمانی کە قەراری دەرکردووە نابێت ئوتۆمبێلی جۆری صەنی لەشاری سولەیمانی ئیش بکەن ی ن ك پاساوی بۆ ئەم قەرارە ئەوەیە لە بەر ئەمنیەتی ناوشاری سلێمانی بەلاّم ئەمە لەکاتێکدا چەندان سەیارە لە هەموو جۆرەکانی لەناو شاردا هەیە کەرِقەمیان غەیرە سولەیمانییە لە جۆرەکانی (مەکزیما ، ئۆپڵ ، لەیلا عەلەوی مۆنیکا سەیارەی نیسان لە هەموو جۆرەکانی بیئێم دەبلیوو سدریك ) چەندین جۆری تر سەیارە هەیە کە رِقەمیان غەیرە سلێمانییە بەلاّم گەرِیان لە صەنییەکان ئالاّنووە ، کە ئوتۆمبێلی تەکسی صەنی خزمەتێکی زۆر بە هاولاّتیان دەگەیەنن بە قەولی خۆیان کە لە مانگرتنەکەیاندا دەیانووت ئێمە لەم وەرزی هاوینەدا خزمەتێکی زۆر بەوهاولاّتییانە دەکەین وئەو هاولاّتییانەی لەگەڵمان سەردەکەون ئالەم وەرزی هاوینەداو بەگەرمایە کەپلەی گەرما لەسەرو 40و45 پلەی 100دییەوەیە وایان لێدەکەین قەمسەڵە( پڵتۆ ) لەبەر بکەن جا ئوتۆمبێلی صەنی دەتوانین بڵین هەموو مەرجێکی پێشکەوتوی سەردەمی تیا بەکارهاتووە بۆ خزمەتگووزاری و پاراستنی ئەوهاولاّتییانەی لەگەڵمان سوار دەبن ....

جا کێشەی ئەم شۆفێرانە لەگەڵ ئەو برِیارەی کە وەزارەتی ناو خۆی ( ی ن ك )دەری کردووە ئەوەیەکە وەزارەتی ناوخۆ برِیاری داوە دەبێت ئوتومبێلی تەکسی جۆری صەنی دەبێت رِەنگی تەکسییەکانیان بکەن بە سووروسپی ،بەلاّم رەنگی ئەم تەکسییانە زەردە لەبەر ئەوەی حکومەتی عیراق سەردەمی صدام قەرار بۆ تەکسی ناو عیراق دەرکرا کەرەنگی هەر تەکسییەك دەبێت بکرێت بەزەرد جا 1300 تەکسییە کەلەدووای روخانی رِژێمی بەعس هێنراون بۆ سلێمانی و سایەق تەکسییەکان دەڵێن ئەوکات ی ن ك رِێیدا ئەم جۆرە ئوتۆمبێلە بێتە ناو سلێمانی بەلاّم ئێستا رِێگری لیّ دەکەن و مشکیلەمان بۆ دروست دەکەن دەڵێن ئێمە تیایەتی 10000دۆلار و 11500دۆلار و12000دۆلارمان پیَداوە بەرِاستی خوێنی خۆمان پێداوە بەلاّم لەو 1300 تەکسییە تەنها 509 تەکسییان کارتی بۆ کراوە کە ئیش بکات لەناو شاری سلێمانیدا ئەویش لەو فترەیەی پێشودا کە ی ن ك مشکیلەی بۆ دروست کردین و رِایانگەیاند کە ئوتۆمبێلی تەکسی جۆری صەنی نابێت ئیش بکات بەلاّم ئێمە (( مەبەستم سایەق تەکسییەکانە ) کۆبوینەوە هەموو سایەق صەنییەکان مزاهەرەیەکمان کردو دژ بەو برِیارە وەستاینەوە چوین بۆ لای (( کۆسرەت رِەسول علی )،ئەوەبوو ناچارمان کردن لە برِیارەکەیان پەشیمان ببنەوەو بەبرِیاری کۆسرەت رِسول بۆ 509 شۆفێر کارتییان کرد و ئەوانیتریشیان دواخست و بۆیان نەکردین بەلاّم دیسانەوە لەژێر ناوی ئەمنیەتی شاردا هاتوون ئەم برِیارەیان دەرکردووە کە دەبێت رِنگی تەکسییەکانمان بگۆرِین بە سورو سپی جا ئەم گۆرِینی رِنگە مشکیلەمان بۆدروست دەکات لەبەر ئەوەی ئەم تەکسییانە دەتوانین بڵێین لە سەدا نەوەتوو شەشی

ئەوەلییاتی هەیەو دزراو( علوج ) نین بەس لەبەر ئەوەی ڕەقەمییان باریکەو هی بغدا د و شارەکانی تری



خوارووی عیراقن و ڕەقەمییان سلێمانی نییە پێیان دەڵێن علوج واتە دزراو واتە ئەوەلیاتی نییە . جا بۆیە ئێمە لەکاتی زەرییەدانی سلآنەدا یاخود لەکاتی هەر کڕین و فرۆشتنێکدا لەبەر ئەوەی لەسەر سەنەویی سەیارەکانمان نوسراوە ڕنگی سیارەی تەکسی جۆری صەنی زەردە ئەگەر ڕەنگی سەیارەکانمان بکەین بە سور و سپی دەبێت لەکاتی کڕین و فرۆشتن و تەحویل کردندا واتە کردنی ناوی سەیارەکە بەناوی کەسێکی ترەوە یاخود لەکاتی زەرییەی سالآنەدا دەبێت ڕەنگی تەکسییەکانمان بکەینەوە بە زەرد جائێمە داوای ئەو 509 تەکسییەمان ئەوەیە ئەگەر هەربڕیارە کە ڕەنگی تەکسیەکانمان پێ بگۆڕن با ی ن ك بێن ڕقەمی سەیارەکانمان بۆ بگۆڕن بە ڕقەم سلێمانی بۆ ئەوەی ئێمەیش توشی عەزیەت و مشکیلە نەبین و لەکۆڵ بەغداو شارەکانی جنوبمان بکەنەوە وەداوای ئەو سایەق صەنییانەی تریشمان کە ئەوکات ئەو بڕیارەی کە کۆسرەت ڕسول کارتی ئیش کردنی دا بە ئەو 509 تەکسییەو بڕیارەکەیان بۆ ئیمە دوا خست بە کرتییەکەی خۆیان لەو بڕیا رە دزییەوە ونەیانویست کارتی ئیشکردنمان بدەنێ لەبەر ئەوەی بۆ ئەو 509 تەکسییەش بەهۆی زەخت و فشاری خۆمانەوە بوو ئەگینا ئەوکاتە دەیانوت نابێت ئیشبکەن مەبەستم مانگی 2004/6 جابۆیە بۆ ئەو 791 تەکسییەی تر بریاریانداوە نابێت بەهیچ شێوەیەك لەشاری سلێمانیدا ئیشبکەن و دەبێت سەیارەکانیان ڕوانەی شارەکانی جنوب بکەنەوە.. گلەی و ناڕەزایەتی وبێزاری ئەم سایەق تەکسییانە ئەوەیە و دەڵێن بۆچی یەکەمجار ڕێگایاندا ئەم سەیارانە بێتە ناوشاری سلێمانییەوە وئێستاش دەڵێن دەبێت بییان گێرنەوە ئەمەلە کاتێکدا کە ئێمە پارەیەکی زۆرمان پێداوە.

من قسەم لەگەڵ نوێنەری سایەق تەکسییەکان کرد و وتی بەیانیش واتە 2005/8/25 لەهەمان شوێن کۆدەبینەوەو بەردەوام دەبین لەم جۆرە کۆبونەوانە و وەسەردانی زۆربەی مەسولەکان دەکەین وبەسەیارەکانمانەوە دەچینە بەر ماڵیان و یەخەیان دەگرین تا لەم بڕیارە پاشگەز ببنەوە وە بڕیارە ڕۆژی یەکشەممە لەگەڵ وەزیری ناوخۆش کۆببنەوە تابزانن وەزیری ناوحۆ بڕیارەکەی دەگۆڕێت

کۆتایی

ڕێبین فاروق

2005/8/24



